# تاكەی بە فیتی دوژمن لە دژی یەك بنووسین

**سمكۆی یەزدان پەنا**

وا بۆ (3) دەیە دەچێت، كە چەند حیزب و رێكخراوێكی رۆژهەلاتی كوردستان لە دژی كۆماری ئیسلامی ئێران خەبات دەكەن. شاراوە نییە كەلەو دەیەدا هەموو جۆرە خەباتێك لە دژی دەسەلاتی حاكم بەسەر كوردستان و ئێرانداكراوە، چەكداری، سیاسی و فەرهەنگی .............هتد. ئەوەش بەو مانایە نییە كە حیزب و رێكخراوەكان بۆ شەرو پێكدادان لەگەل هێزەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران دەسپێشخەریان كردبێت، بەلكو ئەوە رژێمی ئیسلامی ئێران بووە كە هەر لەسەرەتای هاتنەسەركارییەوە دەستی دایە هێرشكردن و گرتن و كوشتنی خەلكی بێتاوانی كوردستان، ئەوەی ئێوە مانان كردمان و بەردەوامین لێی تەنیا بەرپەرچدانەوە و بەرەنگاریكردنە.

هیچ كاتێك حیزب و رێكخراوەكانی رۆژهەلاتی كوردستان خوازیاری ئەوە نەبووین كەكێشەكانی خۆمان و ئەوكێشانەی كە نەتەوەیەك دەگرێتەوە، بە شەرو پێكدادان لەگەل كۆماری ئیسلامی ئێراندا چارەسەر بكرێت.

ئەوە شەرێكی سەپاوە بەسەرماندا، ناچاربووین بۆ مانەوەو مەوجوودیەتی خۆمان دەستدەینە چەك و شەربكەین، شەری دیفاعی، شەری شۆرشگێرانە. بەدرێژای تەمەنی هەموو حیزب و رێكخراوەكانی رۆژهەلاتی كوردستان، هیچ كاتێك هێزێكی پێشمەرگە هەلی نەكوتایە سەر گوندێكی عەجەم و هیچ كاتێك عەجەمێك لەلایان پێشمەرگەوە نەكوژرا بە هۆی ئەوەی كە كەسوكاری پاسدارن.

ئێستاش كە زۆر سال تێپەردەبێ بە سەر راوەستانمان لە شەری چەكداری شۆرشگێرانە، بەهۆی ئالوگورو هاوكێشە سیاسیەكانی جیهان و ناوچەكەدا، بە ئاشكرا دەبینین كە كۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوامە لە كوشتن و زیندانی كردنی كوردستانیان و كاولكردنی گوند و شارۆچكەكانی باشورو رۆژهەلاتی كوردستان. ئەوە ماهیەتی ئەو رێژێمەیەو كرداریشی لە گۆران نەهاتووە.

دەستدرێژییەكانی پاسدارانی كۆماری ئیسلامی ئێران تەنها رۆژهەلات و باشووری كوردستانی نەگرتووەتەوە، بەلكو بەئاشكرا زۆربەی رۆژهەلاتی ناوەراستی گرتووەتەوە.

ئێستا ئەوەی كە مەبەستی باسەكەی منە، كرداری كۆماری ئیسلامی ئێران نییە، بەلكو كردار وگوفتاری خۆمانە، وەك حیزب و رێكخراوە سیاسیەكانی رۆژهەلاتی كوردستان.

(3) دەیە خەبات و تێكۆشانی هەمەلا یەنە كەم نییە، بۆ دەولەمەندبوونمان لە ئەزموونداا (3) دەیە شەرو خۆراگری كەم نییە، بۆ فێربوون و گۆرانی تاكتیك و نوێكردنەوەی پلان.

(3) دەیە شۆرشكردن كەم نییە، بۆ باوەر بەیەك بوونو رێز لەیەكگرتن و دۆستایەتی كردنی یەكتر لە مابەینی حیزب و رێكخراوەكاندا.

(3) دەیە قوربانیدان و خوێن رشتن، تالی و سوێری چەشتن كەم نییە، بۆ لە یەكتری بووردن و لەیەك خۆش بوون و پەیمان بەیەكدان لەمابەینی هەمووماندا.

كەچی واوێدەچی هیچ، هەر هیچ فێرنەبووین، نە جیابوونەوەمان لەیەكتری جیابوونەوەیە، نە پێكەوە بوونیشمان پێكەوە بوونە، نە بۆ رێزلێنان لە یەكتری و لە خەباتی یەكتری هەنگاومان هەلێناوەتەوە.

نەگوفتارێكی باش بەرانبەر بەیەكتر فێربووین، هەریەكەو بەكەوچكێك ئاوەوە مەلە دەكەین و هەریەكەو بەفیتی دوژمن ئەویتر دەكوتێ،لەبیرچووەتەوە كە دوژمن كێیەو دۆست كێیە،كە هاوخوێن كێیەو خوێن رێژ كێیە، هەریەكەو لە پاش بلاوبوونەوەی هەوالێك، هەولدەدا بەزووترین كات دەمبكاتەوە بۆ كوتانی حیزبێكی كوردی، بێئەوەی بیر لەوە بكاتەوە كە چەند بەم جۆرە گوفتارە بەرژەوەندی گشتی دەباتە ژێر پرسیارەوە.

هەر یەكەو لەخۆرا، بەبێ ئەوەی وشەیەك لە لێدوانەكانی بەرێز مام جەلال و بەرێز سەرۆكی كوردستان، تێگەیشتبێت خیتابێك دەدات.

هەریەكەو بەناوێك بەبێ ئەوەی قەتی هەولدابێ سەرۆكی بارزانی نەمر بناسێ نەقلی قەولی لێدەكاو دەلێ لەمەلا مستەفای بارزانییەوە وانە فێربووین. سەرۆك بارزانی نەمر هەتاكو دوا هەناسە هەر لەدژی داگیركەرانی كوردستان شەری كرد، بۆساتێكیش پشووی نەدا.

لە دژی عەرەب، فارس و تركی داگیركەر،،وە لەدژی جاشەكوردەكانیش شەری دەكرد ، ئەوە ئیرادەی پۆلاینی ئەو بوو تەنیا یاوەریشی شاخەكانی كوردستان بوو.

كەچی هەن لەسایەی دەسەلاتی سیاسی هاوخوێنەكانمان لە باشووری نیشتماندا دانیشتوون و فێری تیجارەت بوون و دەخۆن و دەخەون و پارووی زل دەگرن و باس

له شۆڕشی ڕۆژهەلاتی کوردستان دەکەن و دەشلێن ئێمە وانە لەمەلا مستەفای بارزانییەوە فێربوون. ئەمن ڕووی قسەم لەو گەندەلانە نییە.

بەلکو ڕووی قسەم لەو هێزو لایەنە سیاسیە ڕەسەنانەیە، دەلێم تاکو درەنگ نەبووە، با بەراستی لە یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، بە تایبەتی لە سەرۆکی بارزانی نەمرەوە دەرس وەربگرین و هەلی ڕەخساو بقۆزینەوە.

خۆ ئەگەر پێشمان بلێن چەقیوو چەکداری دەرسنوورو ئوردووگانشین، ئەمە هەورازو نشێوی شۆرشە، دەبێ بیکێشین، خۆ ئەگەر هیچمان لەدەست نایە، ئەوە دەتوانین کە لەدژی برا کوردەکانمان شتی خراپ نەلێین، خۆ ئەگەر شەڕیشمان پێ ناکرێ و موعادلاتە سیاسیەکانی جیهان و ناوچەکە پێشی پێگرتووین، دەتوانین لەیەك نزیکبینەوە.

حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی باشووری کوردستان لە خراپترین هەل و مەرجدا لە (1988) بەرەی کوردستانیان دامەزراندو بەهەقیش ئەمە ڕەمزی سەرکەوتنیان بوو. ئەوان بۆ ساتێکیش شاخەکانی کوردستانیان بەجێنەهێشت، زۆر کەس و لایەن، بێ دەسەلاتی و وەستانی شەڕ و شۆڕشێکی گەرم وگوڕ لە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران دەگەڕێننەوە بۆ هاوخوێنەکانمان لە باشووری کوردستان،گریمان ئەوە وابێ، ئەی لەیەك نزیکبوونەوەو دانەمەزراندنی بەرەیەکی کوردستانی بلێی هۆکاری کێ بێت.

ئاسانە ئێمە لەیەك نزیك نەبووینتەوە، بەلکو ڕۆژ بەرۆژ لە یەکتر دوورو دورتریش دەبینەوە. کارگەیشتۆتە ئەو جێگایەی کە سایتەکان پربێت لەجێنونامەو ئیهانەت بەیەك کردن، کەس دانی خێر بەوی تردا نانێ و هەرکامەش بەکەیفی خۆی باس لەیەك نزیکبوونەوەو بەرەی کوردستانی دەکات پاش ئەو هەموو جێنودانە.

تۆ بلێی ئەوەش هەردەستی هاوخوێنەکانی باشووری کوردستانی تێدابێ؟ ئایا (سایتی (4ڕۆژهەلات) یش هەر هی برایانی باشوورە! کە بۆتە مەیدانی یەکتر بەزاندن و یەکترسووك کردن.

کاکە ئەمە تێنەگەیشتنە و هاندانە بەفیتی دوژمن، دەنا ئێوە کێن خەلك بە پاشکۆ و پێشکۆ دادەنێن کێ ئێوەی بەدەمڕاستی خۆی داناوە،کام چین و توێژی کۆمەلگای کوردەواری ئێوە دەناسێ کە باس لە هەلێ قولاو هەلێ نەقولاوی ناو خەلکی کوردستان سەبارەت بەلایەنێکی دیکە بکەن. چەند پێویست دەکات، هەر کام لە ئێوە بەو چەشنە سەبارەت بە(پەژاك) وحاجی ئەحمەدی لەسەر سایتەکان بدوێن و هۆبالی کاولکردنی گوندەکانی کوردستان و داروودەوەن سووتاندن و دەستدرێژییەکانی ڕیژێمی ئێران بخەنە ئەستۆی ئەوان. ئەی هۆبالی قەتلووعامی خەلکی قارنەو قەلاکان و کاولکردنی ئەو گوندانە، هۆبالی بە ئەستۆیکێیە؟ مەگەر ئەوکاتە (پەژاك) هەبوو؟

ئەی دەستدرێژیەکانی ڕیژێمی ئێران و بەزاندنی سنووری دەسەلاتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایان ڕیژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە سالی (1995)داو هێرش کردنە سەر حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان لە قوولای خاکی نیشتمان، هۆبالی بە ئەستوی کێیە،ئەی تەقینەوەکانی ناو شاری کەرکووك و کوشتاری بەکومەلی ئێزدییەکان و دانانی کەرکوك بە شاریکی ترکی، هۆبالی لە ئەستوی کێدایە؟ ناکا پێتان وابێ لە ئەستوی (پەکەکە)یە ئێوە کەی تێدەگەن ئەوە ماهییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران ودەولەتی ترکانە، پەرە پێدان بەداگیرکەری و کوشتن لە زاتی ئەو ڕژێمانەدایە، من پێموایە بەجێگای یەکتری بوغزاندن و یەکتر قەرزدار کردن و یەکتر تاوانبارکردن، بێن و لەیەك نزیکبینەوە. خەمی ئەوەمان نەبێ،کە کێ چەندەی بەردەکەوێ.

پێشەوای نەمر لەوەسیەت نامەکەیدا دەفەرمووێ ((ئەم ولاتە هێندەی هەیە بەشی هەموومان بکات با حەسوود نەبین بەرانبەر بەیەکتری، بابەرد نەخەینە ژێر پێی یەکتری)).

ئەمن بەناوی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان داواتان لێ دەکەم، برایانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران، برایانی کۆمەلەو زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوەکانی تری ڕۆژهەلاتی کوردستان، با لە یەك نزیك بینەوەو بەلکو بیرێك لەوەزعی خۆمان بکەینەوە.

بە قەولی کاك (سەلاحی موهتەدی)، دونیا خەریکی گەلەکۆمەکیەلە دژی ئەو گورگەی ڕژێمی ئێران، با ئێمەش بە هەموومان گەلەکۆمەکیەك لەدژی ئەو ڕێژێمە مەنفورە بکەین.